# ئەگەربێ یاسایی نەبێت پڕۆژەی یاسای ڕۆژنامەنووسی هەرێمی کوردستان_عێراق پڕۆژەیەکی بەعسیانەیە!

عبدالله مەحمود
abdollamahmud@yahoo.com

یەکێتی ڕۆژنامە نووسانی کوردستان ماوەیەکە (پڕۆژەی یاسای رۆژنامەنووسی هەرێمی کوردستان– عیراق )ی بە مەبەستی قسەو دیالۆگ لەسەر کردن بلاوکراوەتەوە . بەداخەوە تائێستا زۆر کەم قسەوباس لەسەر ئەم پرۆژەیەکراوە. لە کاتێکدا دەبوو ئەم پرۆژەیە ببێتە مایەی ڕاچڵەکاندنی هەموو ئەو ئەدیب و نووسەرو ڕۆژنامە نووسانەی کە بەتەنگ ئازادی بیروڕادەربرین و بەیان و بلاوکردنەوە چاپەمەنی و ڕۆژنامە نووسیەوەن.
تەنانەت بەر لەوەی دەقی پرۆژە پێشنیاریەکە بخرێتە بەر ڕەخنە دەبوو خودی ئەم یاسایەی یاسای رۆژنامەنووسی لێدەرکیشراوە توڕبدرایە.تائێستا هەموو یاساکانی رژێمی بەعس لەکوردستان کاریان پێدەکرێت،ئەو یاسایانەش کە هەراو هۆریای گۆرینیان بۆدەکرێت و کراوە جگە لە ئالوگۆڕی شکلی هیچی تر نەبوە، ئامانجیش لەو ئالوگۆڕانە ئیحتواکردنی ئەو نارەزایەتیانە بووە کە بەرەی متەمەدینی کۆمەلگا بۆ لەپیشە کێشکردنیان هاتۆتە مەیدان.یاسای ڕۆژنامەنووسیش لەو چوارچێوەیە بەدەر نەبووە.
ساڵی 1993ش کە بۆیەکەم جار یاسای ڕۆژنامە نووسی لەلایەن دەسەلاتی کوردیەوە بەهەمان ناوەرۆکی کۆنی بەعسیانەوە خرایە بەردەم کۆمەلگا.ئەوکاتە ریزێکی بەرین لە ڕۆژنامە نووسان و پارێزەران و خەلکی ئازادیخواز کەوتنە پەردە هەلمالین لەسەر کۆنەپەرست بوونی ئەم یاسایە،بەلام سەرئەنجام دەسەلاتی کوردی بێگوێدانە ڕەخنە وپێشنیاری بەرەی ئازادیخواز لە چوارچێوەی شەرعیەت داسەپاندنی دەسەلاتی خۆیدا و بۆ بەرتەسك کردنەوەی ئەو ئازادیەی بەرهەمی خرۆشانی جەماوەری ساڵی 1991 بوو،یاساکەی داسەپاند.ئێستا دوای دەساڵ بەسەر ئەم یاسایەدا پرۆژەیەکی تر بەهەمان ناوەرۆکی دژی ئازادیەوە لەلایەن یەکێتی ڕۆژنامە نووسانی کوردستان–عیراق ی(حکومەتی یەکێتی)یەوە ،هێنراوەتە گۆڕ.هێنانە گۆڕی ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوە نیە تا قەیدو بەندەکانی پێشو لابرێت ، بەلکو بۆئەوەیە تا ئەوەی لە ساڵی 1993دا لە بیرکراوە جێگیر بکرێت و قەیدو بەندی زیاتر بۆ کاری ڕۆژنامەگەری زیاد بکرێت.
لە چوارچێوەی ئەم یاسا تازەیەدا!!باسەرەتا لەسەرنوسەرەوە دەست پێبکەین،لە پرۆژەکەدا هاتووە سەرنووسەر دەبێ هەلگری چەند مەرجێك بێت لەوانە:سەرنوسەر ئەندام بێت لە یەکێتی ڕۆژنامە نوسانی کوردستاندا.
ئەمە هەنگاویکی ترە لە ڕاستای تۆکمە کردنی سانسۆرو نەهێشتنی ئازادی کاری رۆژنامەگەری بۆ ئەو رۆژنامە نووسانەی ئەندامی یەکێتی ڕۆژنامە نووسانی کوردستان نین،هاوکات ئەمە ئیزافەیەکی ترە بۆسەر یاسای چاپەمەنی ساڵی 1993.
دەکرێت لە بغداد و تارانیش مل بدەیت بۆ سەندیکا و نەقابەو ئیتحادیەکانی ڕۆژنامە نووسیەکەیان و ماڤ سەرنووسەری وەدەست بێنیت.ئەمە چ ئازادیەکی تیایە؟ لەگەلمان بە ئازادیت,پاشان چوارچێوەی کاری ڕۆژنامە نووسەیەکەش دیاری ئەکەین.لەوەش واوەتر لەهەموو گۆشەو کەنارەکانی ئەم دنیایەدا دەیان نووسەرو ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر هەن بێئەوەی ئەندامی ئیتحادیە یان سەندیکای ئەم وولاتانەبن،تەنانەت ئەمەش لە وولاتە دیکتاتۆریەکاندا بەرچاو دەکەوێت کە کەسێکی سەر بە داروەستەی دەسەلات بێ ئەوەی ئەندامی سەندیکاکەیان بێت بۆ خۆل کردنە چاوی خەلك سەرنووسەریان پێ سپێردراوە.
پرسیار ئەوەیە بۆ دەبێ ئەندامی یەکێتی ڕۆژنامەنووسان بیت تا شانسی سەرنوسەریت پێ ببرێت؟مەگەر ئەوەی لەدەرەوەی ئەم یەکێتییە بێت ڕۆژنامە نووس نیەو ناتوانێ لیاقەتی سەرنووسەری هەبێت؟هەموو کەسێکی پێشکەوتنخوازو ڕۆژنامەنووسیك تەنانەت یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش کە ئەم پرۆژەیەیان پێشنیار کردووە ئەو حەقیقەتە دەزانن کە لەدەرەوەی یەکێتی ڕۆژنامە نووساندا دەیان و بگرە سەدان ڕۆژنامە نووس هەن کە توانییانەو دەتوانن و ڕۆژنامە نووس و سەرنوسەر بن ، ئەوەی کە ناکرێت ئەوەیە هەموو رۆژنامە نووسەکان مل بە یەکێتی رۆژنامە نووسانەکەی یەکێتی نیشتمانی نادەن .شیوەنی یەکێتی رۆژنامە نوسانی کوردستانیش بەشێکی هەر بۆئەوەیە.

له مادەی ژمارە 12دا هاتووە ، قەدەغەیە ئەمانەی خوارەوە بلأوبكرێتەوە و لە ئەسكی چوارەمدا حوكمە سزایەكانی هێناوە :

1–ئەو نوسین و وێنەو ڕاگەیاندنانەی بەدەستدرێژی كردنە سەر یەكێك لە تایەفە ئاینیەكان لەقەڵەم دراون یان بەسوكایەتی كردن بە سرتەكانیان دانرا.

2–ئەو نوسین وهەوالأنە یان نیگارانەی مەبەستیان زیان گەیاندنە بەڕەوشی ئابوری هەرێم.

3–ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانە یان تیگارو نامەو نوسراو ڕاگەیاندن و وێنانەی لەگەڵ ئادابی گشتیدا نین یان دژی نەرێتی گشتین.

4–نهێنیەك بێت لە نهێنەكانی داكۆكیكردن لە هەرێم.

مادەی 21 دەڵێت:هەركەسێك لە ڕێگای ڕۆژنامەوە نهێنیەك لە نهێنیەكانی هەرێم بلأوبكاتەوە، یان مەحزەری دانیشتنێكی نهێنی بلأوبكاتەوە كە پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە هەبێت.سزادەدرێت.....

وە لە مادەی 22دا هاتووە:...،ڕاگەیاندنی وروژێنەر .....یان شێواندنی ئاسایش یان ترس خستنە دڵی خەڵكەوە ،یاخود زیان بەبەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت،سزا ئەدرێت.

وە لەمادەی ژمارە 23دا هاتووە:هەركەسێك بە یەكێك لە ڕێگاكانی بلأوكردنەوە هانی خەڵك بدات گوێ ڕایەڵی یاسا نەكەن ،بە زیندانی یان غرامە سزا دەدرێت .(هەموو ئەو پەرەگراف ودێرانەی هێلیان بە ژێردا هاتووە لە دەقی پرۆژەكە وەرگیراوە).

ئەم بڕگانەی سەرەوە ناوەرۆكی پڕۆژەی ئەو یاسای رۆژنامەنووسیەیە كە بەئاشكرا هەموو ڕەخنە گرتن و پەردەهەڵماڵینێك لەسەر دیاردە و ڕوداوەكانی كۆمەڵگاو كاركردی دەسەلأت و كۆنەپەرستی كە بلأوكردنەوەیان لەڕێگای هەواڵ و ڕاگەیاندن و ووتارو وێنەو نیگارەوە ،قەدەغە ئەكات!.

بە مانایەكی تر دەرگای رۆژنامەكان بەرووی پەردەهەلمالین و رەخنە گرتن بەرووی  هەموو مەسەلە تایبەتی و گشتیەكان لەوانە ، دیانەتەكان، عادات و تەقالیدە كۆمەلأیەتیەكان،مەسەلە پەیوەندیدارەكان بە هەریم و دەسەڵات و.... دائەخات .و ئازادی ڕەخنەگرتن لە هەموو لایەنە سیاسی ،كەلتوری وئەخلاقی وئایدۆلۆژیەكانی كۆمەڵگا.وە هەرجۆرە ئاماژەو ڕەخنەیەك كە شۆڕببێتەوە بۆ ناو مقەدەساتی میللی و نیشتمانی و دینی و ئاسایشی هەرێم ...وەكو فاكتەرێك بۆ كۆنترۆڵكردن و تەنگەبەركردنەوەی ئازادی ڕەخنەو ڕادەربرین ڕەتدەكاتەوە.بەمەش ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەبێت ستایشی وەزعی باوی ئێستاو دەسەلأت بكریت ئەمەش جگە لە ئەركی ڕۆژنامە زەردو قەڵەم نزم و گرگنەكان شتێكی ترنیە.

با هەركام لەو بڕگانەی پرۆژەكە تەماشا بكەین كە بلأوكردنەوەیان قەدەغەكراوە:

–ئەو نوسین و وێنەو ڕاگەیاندنانەی بەدەستدرێژی كردنە سەر یەكێك لە تایەفە ئاینیەكان لەقەڵەم دراون یان بەسوكایەتی كردن بە سرتەكانیان دانرا.

یەكیك لە تایبەتمەندیەكانی هەر پرۆژەیەكی رۆژنامەگەری پیشكەوتنخواز ئەوەیە ئازادی دینداری و بێدینی تیا بەرەسمی بناسرێت و بەو ئاقارە دانرابێت كە دین وەكو كاری تایبەتی تاكەكان تەماشا بكات ، و پرۆژەیەك بێت لەڕاستای هەڵوەشاندنەوەی دەستەواژەی دینە ڕەسمیەكان.كەچی ئەم پرۆژەی یاسایە نەك لەسەر خودی دینەكان بەڵكو لەوەش كۆنەپەرستانەتر هاتۆتە سەر باسی تایەفە دینیەكان و هەر رەخنەو ڕەتكردنەوەیەكی ئەم باوەرانە و پەردەهەلمالین لەسەریان و نیشاندانی ماهیەتی كۆنەپەرستانەیان بە دەستدریژی كردنە سەر لەقەلەم ئەدات و قەدەغەی ئەكات .(پیرۆزتان بیت باسی كۆمەڵگای مەدەنی كە ئەم حكمەتانەی تیا دەرئەكێشن)

2–ئەو نوسین وهەوالأنە یان نیگارانەی مەبەستیان زیان گەیاندنە بەڕەوشی ئابوری هەرێم..

مەبەست لەم خاڵەش ئەوەیە نابێ ڕەخنە لە ئابوری هەرێم و ئەو ڕاوو ڕوتە ئاشكراو بێ پەردەیە بگێریت كە بازرگانانی دەسەلأتی سیاسی هەرێم و سەرمایەدارانی كورد بەرێوەی دەبەن.نابێ باسی بە تالأن بردنی داهاتی بڕیاری 986 و داهاتی رێكخراوەو بیانیەكان و داهاتی ناوخۆی كوردستان بكریت ،نابێ باسی گەمەی دۆلارو دینارو تمەن و یۆرۆ دیناری تەبع بكرێت كەڕاستەوخۆ ئەحزابی حاكم وەڕێیان خستوە، نابێ باسی كەمی كرێ و شان خاڵی كردنەوەی حكومەتی هەرێم بكرێت لەبەرامبەر دابینكردنی پێداویستەیەكانی ژیان و گوزەرانی خەڵكی كوردستان ،نابێ باسی ئەو زەریبە زۆرو زەبەندەبكرێت كە خستویانەتە سەر هەواش بێ گویدانە ڕادەی داهاتی خەڵكی،نابێ باسی دیاردەی فراوانی بێكاری و نائەمنی شوێنی كار و بیمەی بێكاری و لەكاركەوتن

....بکرێت.ئەمانە زیان بە ئابوری ڕەوشی هەرێم ئەگەیەنن.تەنانەت وەکو هەواڵ یان بە وێنە و نیگاریش باس کردنیان بفەیە. بەکورتیەکەی دزی و ڕاوروت و بێدەربەستی بەرامبەر ژیان وگوزەرانی خەڵکی بۆ حکومەتی هەرێم شەرعی و ئەبەدی و ئەزەلیەو! دەبێ ڕۆژنامە نوسان و جریدەو بڵاوکراوەکان ئەوە بزانن قسە لەسەر ئەمانە داهاتی نیشتمانی لەتمە لێدەدات و زیان بە ئابوری هەرێم دەگەیەنێت.

<u>–ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانە یان تیگارو نامەو نوسراو ڕاگەیاندن و وێنانەی لەگەڵ ئادابی گشتیدا نین یان دژی نەرێتی گشتین.</u>

لەوە ئاشکراتر نیە کە بیرو باوەری زال لە هەر کۆمەلگایەکدا بیروباوەری چینی دەسەڵاتدارە،جوداسازی و بێماڤی هەمەلایەنە و ئاشکرا ،بەبێ مل پێکەچکردن و ڕازیکردنی خودی کۆمەڵانی بەرینی بێبەش وچەوساوە و بەڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیانەو ئەم کەلتورە گشتی وباوە ناتوانێ لەسەر پێوە بوەستێ.دین و مەزهەبەجۆراوجۆرەکان،سۆزودەمارگیریەئەخلاقیەکان،ڕەگەزپەرستی ونەژادپەرستی،پیاوسالاری وناموس پەرستی ،بەدریژایی مێژوو چەکی فکری و کەلتوریەکانی چینی دەسەلاتدار بووە ودەمە زەردکراوەتەوە بۆ کپکردنەوەی دەنگەیاخیەکان و ملکەچ هێشتنەوەی جەماوەری زەحمەتکیشی خەڵك،ئەم پرۆژەی یاسای ڕۆژنامە نووسییەی کوردستان بەو برگەیەی سەرەوەی خەریکی هەمان کارەو ڕەخنە گرتن لەو فەرهەنگ وکەلتورە گشتیە بەدژی نەریتی گشتی دائەنێت و قەدەغەی ئەکات.

بەڵی ئەم یاسایە دەیەوێت بیروباوەرو مەعنەویات و ئەخلاقیاتی زاڵ بە دەست لێنەدراوی بهێلێتەوەو پاوانی فکری کۆمەڵگا بکات.ئەوەی ملیشی نەدا سوپاو دادگاو زیندان چاوەرێ دەکات.ئەمە لەکاتێکدایە کە نووسەرانی ئەم پرۆژەیەو مامۆستاکانیان ئەو حەقیقەتە باش دەزانن کە خەبات لەدژی بیروباوەرو دیدو بۆچون و ئەخلاقیاتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگای کوردستانیشەو قابیلی بەر پێگرتن نیە.

<u>نهێنیەك بێت لە نهێنەکانی داکۆکی کردن لە هەرێم</u>

سەبارەت بەم بڕگە حەرام کراوەش دەبێ سەرەتا بپرسین مەبەست کام بەشەی هەرێمی کوردستانە ،ئایا ئەوبەشەش ئەگرێتەوە کە حکومەتەکەی پارتی تیای حاکمە ،ئەگەر وایە پرسیار لە یەکێتی ڕۆژنامەنوسان ئەوەیە بۆ لەسەر ئەم هەرێمە و هەرێمەکەی یەکیتی چەندین جەولەی شەڕی ناوخۆ وەڕیخراو ئازیزانی ئەم ئەم دووهەریمە بە هەزارانیان تیا بوونە قوربانی!وەبۆ داکۆکی کردن لەهەرێم نەك بەنهێنی بەڵکە بەئاشکرا چەندین جار دەستی سوپای ئیران و تورکیاتان ڕاکێشایە ناو ئەو هەرێمە ،ئایا هێنانی ئەم سوپایانە بەڕاستی بۆداکۆکی کردن بووە لە هەریم؟.

ئێستا جێگای خۆیەتی بپرسین ،مەبەست لە نهێنیەکانی هەرێم چی یە کە باس کردنی و ئاشکراکردنی حەرام بێت و سزای بەدواوە بێت؟مەگەر هەر دووهەفتە لەمەوبەر نەبوو سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی لە سەردانەکەیدا لە ئێران لەوەڵامی ڕۆژنامەنووساندا ئەیووت ئێران دۆستی خەڵکی کوردستانەو خەڵکی کوردستانی عیراق چاکەی ئێرانیان لەبیر ناچێت!!! وە هەر ئەو لەو کۆنگرە ڕۆژنامە نووسییەدا نەبوو سەبارەت بەدەوری تورکیا ووتی تورکەکان هیچ تەماحێکیان لەکوردستانی عێراقدا نیە و هیچ دەستێوەردانێك ناکەن!! وە هەر سەرکردەکانی یەکیتی و پارتی نەبوون بەر لەوەی ڕژێمی بەعس گلۆڵەی بکەوێتە لێژی سەرە تاوانبارو جەلادی خەڵکی عێراقیان بە داوەرو ئەندازیاری حوکمی زاتی ناودەبرد؟؟!!مەگەر ئەمانە بۆداکۆکی کردن بووە لە هەرێم؟؟!.بەراستی مەبەست کام نهێنیە؟دەکرێ پێمان بڵێن دەسەڵاتی میلیشیایی لەکوێی دنیا خاوەنی ڕەسمی هەرێمێکی جیگێر بووە؟تا نهێنیەکانی بپارێزرێت.

دیارە مەبەست لە پاراستنی نهێنیەکانی هەرێم هەرئەوەیە کە ساتو سەوداو خۆشخزمەتی دەسەڵاتی داسەپاوی کوردی لەگەڵ دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو دەستەو تاقمە ئیسلامیەکان نابێ باس بکرێت ،نابێ لەسەری بنوسرێت و هەواڵەکانی بلاو بکرێتەوە،تەعلیقی لەسەر بدرێت..تاد.کەواتە لە ڕوانگەی ئەم پرۆژەی یاسای ڕۆژنامە نووسیەوە نابێ باسی هەرێم بکریت.خۆش دیموکراسی.

<u>–ڕاگەیاندنی وروژێنەر .....یان شێواندنی ئاسایش یان ترس خستنە دڵی خەڵکەوە ،یاخود زیان بەبەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت،سزا ئەدرێت.</u>

خەڵکی کوردستان دەیانەوێ بەئازادی بژین ،دەیانەوێ ماڤ ژیانیان ئاسودەیان گوزەرانیان ،ماڤ بەهرەمەندبوون لە پێداویستیەکانی ژیانی نۆرمال،ماڤ فیربوون وبەهرەمەندبون لەو هەموو ئیمکاناتەی کەهەیە،ماڤ لەش

ساغی،ماف سەربەخۆیی فەردی ،ماف تێکەل بوون و ژیانی کۆمەڵایەتی و قەدەغەبوونی هەرجۆرە جوداسازیەك،ماف ئاگاداربوون لە هەموو حەقیقەتێك ،قەدەغە بوونی سانسۆرو کۆنترۆلی پۆلیس و ئاسایش لەسەریان،بەهرەمەندبوون لە ئازادی بیروباوەرو بەیان کۆبونەوەو چاپەمەنی خۆپێشاندان و مانگرتن پێکهێنانی حزب و رێکخراوە،وە دەیانەوی ئازادبن لە ڕەخنەگرتن لەهەموو لایەنە سیاسی وکەلتوری ئەخلاقی و ئایدۆلۆژیەکانی کۆمەڵگا.خەڵکی کوردستان خوازیاری ئەمانەو زۆر شتی تریشە،ئەگەر بڵاوکراوەیەك یان رۆژنامە نوسان لەپشت ئەم داخوازیانە بن و خەلك بۆ چۆنیەتی بەدەست هێنانیان هانبدەن و خەڵکی بۆ بوروژێنن قەدەغەیەو دیسان زیندان؟ وە داواکاری ئەمانە ئاسایشی هەرێم دەشێوێنێ و لەڕوانگەی ئەم پرۆژە دژی ئازادیەوە زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێ،دیارە مەبەست لە بەرژەوەندی گشتی دەسەڵاتی حاکمە.تا ئەو جێگایەش باسی ئەوەیە کە ترس ئەخاتە دڵی خەلکیەوە ،لەکەس شاراوە نیە کە سەرچاوەی نائەمنی و ترس بەر لە هەموو شت نەبونی ئازادی و بوونی سەرکوت و زیندانە لەوەش واوەتر خودی دەسەڵاتی میلیشیایی مایەی زاڵ کردنی ترس و دڵەڕاوکی یە ،پرۆژەو یاسای دەسەڵاتی میلیشیایش لە باشترین حالەتدا هەر ئەو پرۆژەو یاسا دژی ئینسانیانەن کە ئەم پرۆژەی یاسای ڕۆژنامە نوسیە نمونەیەکیەتی و مایەی نائارامی ڕۆژنامە نووسان و هەموو خەڵکێکی ئازادیخوازە.

<u>-هەرکەسێك بە یەکێك لە ڕێگاکانی بلاْوکردنەوە هانی خەڵك بدات گوێ ڕایەڵی یاسا نەکەن ،بە زیندانی یان غرامە سزا دەدرێت.</u>

هیچ شتێك لە کوردستاندا لە باسی یاسا بێ بناغەتر نیە.چونکە دەسەلاْتێکی یاسایی نیە چ وەکو حکومەت چ وەکو دەوڵەت.جگە لەوە یاساو ڕێسای سیاسی و ئیداری هەرکۆمەڵگایەك ئەگەر بەر لەهەموو شت بە تەواوی دانەبڕابێت لە حوکمڕانی دەسەلاْت و سیستەمی ئیداری وەدانەبڕابێت لەدین و مقەدەساتی ڕەگەزی و میللی و نەژادی ...تادوەلەگەڵ یەکسانی تەواو و ڕەهای مافە مەدەنیەکانی هەموو هاولاتیان و باڵکێشانی یەکسانی یاساکان بەسەر هەمواندا ناکۆك بێت،یانی ئازادی بەیان و ڕەخنەو ژیانی زانستی کۆمەڵگا تەنگە بەر دەکاتەوە.لە کوردستان هەموو ئەویاسایانەی لەلایەن دەسەلاْتی میلیشیایی ئەحزابی کوردیەوە بەدەستەوە گیراون،هەموویان ئەو یاسایانەی سەردەمی بەعسن و سەرچاوەو بنەمای ئەساسیان لە شەریعەت(قورعان وحدیس)وە وەرگیراوە و کۆنەپەرستانەو دژی ئازادین.بۆیە نەك نابی گوێ بەو یاسایانە بدرێت،بەڵکو یەکێك لە ئەرکە هەنوکەیەکان خەباتە بۆ تورهەڵدانی ئەم یاسایانە کە هیچ تەبایەکیان لەگەڵ یاساورێسای مۆدێرن و سکولارو پێشرەو نیە.

لەبەر ئەوەی ئەم یاسایانەی ئێستا لەکوردستان کاریان پێدەکرێت کۆنەپەرستانەو دژی ئازادین،ئەم خەسڵەتی کۆنەپەرست بونەیان دەکریت بە بالاْی دەسەلاْتی میلیشایی و قەومی عەشیرەتی کورد بگێرێت .هەربۆیە دەسەلاْت سەرسەختانە دیفاعیان لێدەکات و یەکێتی ڕۆژنامە نوسانی کوردستانیش کە کاری پاوانکردنی بیرو مێشکی خەڵکی کوردستانە بە بیروباوەڕی دواکەوتوانە. هاندانی خەڵك بەوەی گوێ ڕایەڵی ئەم یاسایانە نەکەن ڕوبەڕوی سزا دەکاتەوە.با لەکۆتاییدا ئەم چەند پرسیارە سەبارەت بەیاسا لە یەکیتی رۆژنامە نوسانەکەی یەکێتی و قەڵەم بەدەستانیان بکەین.پێیمان بڵێن ئەو یاسایانەی ژنان بە پلە دوو دائەنێن ، دووشاهیدی ژن بە شاهیدێکی پیاو لە دادگادا بەحساب دێنن،لێدان و تەمێکردنی ژنان .نەبونی حەقی تەڵاق بۆ ژنان ، پیرۆزیەکەیان چی یە؟؟تێکەڵ کردنی دین لەگەڵ کاروباری خوێندن و پەروەردە,کردنەوەی حسێنیەکان لەشارەکانی کوردستان،کردنەوە ی بارەگا بۆ دەستەو تاقمی میتی تورکی ، دزی وتالاْنی مەسئولین و پێکەوەنانی سەروەتی خەیالْی و دزی بە پێ کام یاسا شەرعیەتی وەرگرتووە؟؟وە داخستنی بارەگاکانی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق و ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان وسەنتەری پارێزگاری ژنان لەکوردستان بەزۆری چەك و قەدەغەکردنی بۆپێشەوەو یەکسانی و رێگە گرتن لەبڵاوبونەوەی ئۆکتۆبرو داخستنی ڕوی چاپخانەکان بەرویدا بەپێ ی کام یاسایە بەرێوە چووە؟.

بەڕاستی پرۆژەی یاسای یەکێتی رۆژنامە نووسانی کوردستان بۆ خامۆش کردنی دەنگی حەق خوازی و بەرگرتنە بەڕەخنە لەدەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی ئێستا و شەرێکی ئاشکرایە لەگەڵ سکولاریزم و مەدەنیەت و هەڵگرانی ئاڵای پێشکەوتنخوازی،ئەگەر پرس بە بەرەی ڕادیکاڵ و پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگا بکرێت لەسەر ئەم

پرۆژەیەو پێشنیارو ڕەخنەکانیان لەبەرچاو بگێرێت ،بێگومان بەڕووی خاوەنانیدا ئەدەنەوە وئەڵێن ماڵی قەڵب سەر بە ساحێببییەتی.

لەکۆتاییدا دەبیٚ ئەوە بڵێم کە نابیٚ نوسەران و ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسە پێشکەوتنخوازەکان ڕێگە بدەن پڕۆژەیەکی ئاوا کۆنەپەرستانەو دژی ئازادی ببێتە یاسا .دەبیٚ هەموو بەتوندی ماهیەتی کۆنەپەرستانەو دژی ئازادی ئەم یاسایە بۆ خەڵکی کوردستان ڕۆشن بکەنەوەو وەکو پڕۆژەیەکی بەعسیانە نیشانی خەڵکی کوردستان و دنیای بدەن و ڕەتی بکەنەوە.

2003/1/28